# یەکی ئایار لە کوردستان

**کارمەند بەکر**
Karmand83atv@yahoo.com

**دیارە کە یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکارانە و ئەم ڕۆژەش سمبوڵی قوربانیدان و تێکۆشان و بەرخودانی ئەو مرۆڤانەیە کە مرۆڤایەتی قەرزارباریانە و هێمای خۆڕاگری چینێکە کە بەردەوام هەژار و کەم دەرامەت و چەساوەیە و تەواوی پێشکەوتنەکانی دونیا بەرهەمی کارو دەستی ئەوانە .**

**لە دونیادا کە باس لە یەکی ئایار دەکرێ ڕاستەوخۆ خۆپیشاندان و بەیاننامە و ڕژانە سەرشەقامی کرێکارانت دێتە پێش چاو و چاوەڕێی ئەوە دەکرێ کە سەندیکا و کۆمەڵەکانی کرێکاران دەبنە پێشڕەوی کرێکاران و بە دەیان داواکاری یەوە دەچنە بەردەم بەرپرسان و بەرۆکی حکومەت دەگرن بۆ بەدەست هێنانی ماف و خواستەکانیان ، یان پشت دەکەنە ئەو سەندیکایەی کە کاریان بۆ نەکات و هاو هەڵوێست نەبێت بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان و نە بێتە پێشڕەویان .**

**کرێکاری کورد لە باشوری کوردستان ئەگەر تا دوێنێ بە دەستی حکومەتی بەعس و یاساکانیەوە ناڵاندویەتی  کە جارێك ناوی کرێکار بووە و وەختێکی تر بە پێی بڕیار ناوی گۆڕیوە بۆ فەرمانبەر ، ئەوە هەر ئەو بێ مافیە بووە کە پێشتریش بەرامبەری کراوە و چەوساوە بووە .**

**لێرەدا قسە لەسەر بەڕێ کردنی ڕۆژی یەکی ئایارە لە کوردستان کە بە ئاهەنگ و سەیران یان بە پێشانگایەکی کاریکاتێری یاد دەکرێتەوە و ئەمانەش سەرپێی دەڕۆن و کرێکار بیری دەچێتەوە کە چۆن یەکی ئایار هاتۆتە بوون و دەبێت چی بکرێت بۆ کرێکاران و هەرگیز پێم وانی یە ئەو سەندیکا و کۆمەڵانەی کە لەکوردستان هەن و پێناس و باج دەدەنە کرێکار پێشەنگی کرێکاران بن ، لەبەر ئەوەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان نەمبینیوە و نەمبیستوە کە کۆبونەوەیەکی فراوان بکەن و کرێکاران بە مافەکانی خۆیان ئاشنا بکەن و کرێکاری وڵاتی ئێمەش خۆی هێندە تامەزرۆی زانینی مافەکانی نەبووە بە هۆی سەرقاڵی بە دەست کەوتنی کار و گرانی ژیان و هەڵپەکردن بۆ دەستکەوتنی کارێك بۆ ئەوەی هێندەی دەست کەوێت ئەگەر چی کەمیش بێت بەڵام تەنها بۆ ئەوەی سەربەرزانە بژی و مەردانە بگوزەرێ دەنا ئاشنا بوون بە ماف ئەرکی هەر مرۆڤێکی هوشیار خۆیەتی .**

**ئەگەر ئاهەنگ و سەیران و تەواوی کارەکانی تر لە یەکی ئایاردا بریتی بێت لە خۆشی ئەو ڕۆژە و سەربەرزی کرێکار تیایدا و نیشانەی خۆڕاگری و تێکۆشانی کرێکارە ! ئەمەم قبوڵە بەڵام ناکرێت تۆ ئاهەنگ بکەیت و داواکاریت نەبێت لە حکومەت و نەڕژێیتە سەرشەقامەکان چونکە ئەوەی کە تێبینی دەکرێت چەند ساڵێکە یەکی ئایار بە سەیران یاد دەکرێتەوە و کرێکار لە ناو شار دوردەخرێتەوە و گرنگی و بایەخی یەکی ئایار بەلایەنی کەمەوە دەچێتەوە خانەی هەر ڕۆژێکی تری ئاسای لە کاتێکدا بێ مافی چۆتە بینە قاقای کرێکار .**

بۆیە پێویستە کرێکاران لەو ڕۆژەدا بە بەیاننامە و خۆپیشاندان پێشوازی لەو ڕۆژە بکەن و بیکەنەوە ڕۆژێك کە بەڕاستی گوزارشت لە ڕۆژی کرێکار بکات و سەرشەقام و کوچەو کۆڵانەکان دەنگی کرێکاری تێدا بەرز بکرێتەوە ، کرێکارێك کە ووشیارە بەرامبەر مافی خۆی و هێمای خۆڕاگری و هێزی ئاوەدانی و بەردەوامی ژیانە و ڕەمزی شکستهێنانی ڕژێمی سەرمایەداری و کۆنەپەرستی بێت و زەنگی بە ئاگا هێنانەوە بۆ سەرمایەداران لێبدات و مەرگی چەوسێنەران بخوازێت و سەندیکای حزبی نەوێت و داوای یاسای کار و کاتی کار و کرێیەك بکات کە شایەنی کارەکەی بێت ، نەك دەسەڵات کارێکی وا بکات لە بیری کرێکاری بەرێتەوە یەکی ئایار چی یە و چۆن هاتووە و دەبێت چۆن یاد بکرێتەوە و چی بکرێت لەو ڕۆژەدا .